


# پیاسەیەك بەنێو كۆڵانە فەنتازییەكانی شاری مۆسیقارە سپییەكاندا

محەمەد حسێن

لەئەدەبی پەخشانی كوردیدا ڕۆمانەكانی بەختیار عەلی دیاردەیەكی ناوازەو تایبەتن، هەندێك تایبەتمەندییان هەیە كەئەشێت وەك دیاردەیەكی جیاكارو دەگمەنی ناو ئەدەبی داستانی كوردی تەماشای كەین. لەناوە دەگمەن و كەم وێنەكانی كەسایەتیەكانیەوە، تائەگاتە زمانە شیعریە جوان و ناسكەكەی، یان هەڵبژاردنی كارەكتەرەكانی لەمرۆڤە پەراوێز كەوتوو لەبیركراوەكانی كۆمەڵگا. بەمەش بەختیار سەركەوتوو بووە لەدروستكردنی شێوازێكی تایبەت بەخۆی كەجیای ئەكاتەوە لەئەدەبی پەخشانی كوردی پێش ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووەم . كەم نوسەر ئەتوانێت ئاوا دەنگی خۆی تایبەت و جیاكاركات لەناو ئەو پاشخانە ئەدەبیەی كە پشتی پێ ئەبەسێت. دروستكردنی شێواز و زمان و جیهانی تایبەتی داهێنراو، ئاستێكی باڵای گەشەكردنی عەقڵی و خەیاڵگەیە كەهەمیشە كەمینەیەكی زۆركەمی ئەدیبان ئەتوانن پێی بگەن . ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەكان بە هەموو ئەو تایبەتمەندیانەیەوە كەئەكرێت بەتایبەتمەندییەكانی ئەدەبی بەختیار ناودێری بكەین، درێژكراوەیەكی تری هەمان ئەو ستایڵەیە كەبەختیار دواهەمین هەناری دنیای پێ نوسیوە، تەنها دروستكردنی ژینگەی خەیاڵی ناواقعیدا دەكرێت بڵێین شێوازەكەی پێشتری تێپەڕاندووە، چونكە لەم تێكستەیدا دەرچونە فەنتازیەكانی تاڕادەیەكی دیار زیاترە لەڕۆمانەكانی پێشتری. ڕوبەری ئەو حكایەتانەیش لەتوێی ئەم ڕۆمانەدا چنراوە، یان ئەو چیرۆكانەی كەچیرۆكە لاوەكیەكانی ڕۆمانەكە پێك دێنێت گەلێك زیاترو دەوڵەمەندترە لە ڕۆمانەكانی پێشتری، بەلاّم شێوازی گێڕا نەوەو زمان و حكایەتكردن. هەر درێژكراوەی هەمان ڕەوتی پێشتریەتی.

لەم ڕۆمانەدا دەنگی ئازارو کەشتەنگیەکانی مرۆڤ، ئاخی ئەو زامانەی سیستەمی بیرۆکراتی حکومەتێکی مۆدێرنی وەك بەعس دروستی ئەکات، نمونەی ئەو جۆرە نالەو ئاهەی کەلەوانەیە هەرگیز نەبنە ئازارێك بکرێت لەتاریکی دەرچێت، نمونەی ئەو قوربانیانەی کەپەلەیەکی ناشیرینن بەناو چاوی مرۆڤایەتیەوە، لەو هاوارانەیە کە پەیامی ئەم دەقەی پێك هێناوە. ئەم ڕۆمانە هاواری ناخی کۆمەڵە مرۆڤێکی توشبوی ناو چوارچێوەیەکی پەرستەمکاری سەختە، حکایەتەکانی لەبەر ئەوەی حکایەتی جەنتڵمان و گەورەپیاوەکانی ناو مێژووی ئێمە نین بەتەواوی حکایەتێکی تازەن بە خەیاڵگەی خوێنەری ئێمە، هەر بۆیە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە ڕوبەرێکی زۆری نەبینراوو و نەناسراوی ناو واقع و مێژووی کۆمەڵگای کوردیمان نیشان ئەدات، کەتەنها لە کلاوڕۆژنەکانی ڕۆمانەوە دەکرێت ببینین.

خوێندنەوەی ڕۆمان جگەلەوەی کەئەبێت خوێندنەوەیەکی فرەڕەهەند و کراوە بێت، پێویستە خوێندنەوەیەکی خەلاق و مانابەخشیش بێت، چونکە تەنها پرۆسەی خوێندنەوە یە کۆدو تەلیسمەکانی تێکست ئەدۆزێتەوە و مانا بەدەق ئەبەخشێت، خوێندنەوە جیاوازەکانە فرەمانایی تێکست دەستەبەر ئەکات . لێرەوە ئیتر بۆئەوەی لەدیکتاتۆریەتی تاکمانایی دانەر یان نوسەر قوتار بین، ئەبێت هەمیشە بەدوای خوێندنەوەی نویٚ و دۆزینەوەی مانای نوێدا بۆتێکست بگەڕێین. بەپێی لۆژیکی ئەم ڕێسایە ڕۆمانی شاری مۆسیقارەسپیەکان زیاتر لەخوێندنەوەیەك ئەخوازێت، ئەم نوسینە یش گەڕانێکی خوێنەرانەیە بەنێو هەندێك لەو ڕوبەرانەی ئەم دەقەدا کەئەشێت دەلاقەیەکی ترمان بداتیٚ بۆتەماشاکردن لەبەرامبەر ئەم شارە ئەدەبیە جوانەدا. ئەم نوسینە هەوڵئەدات شتێك لەو ماناو دەلالەتە شاراوانە نیشان دات کەبونیادی ئەم دەقەی لیٚ پێك هاتووە، هەروەها ڕوناکیەکیش بخاتە سەر شێواز و تەکنیکی ڕۆمانەکەو، دواتریش هەندێك لەو ئیشکالیەتە ( تەنگو چەڵەمە ) تەکنیکیانە نیشاندات کەئەم ڕۆمانە هەڵگریەتی.

**گێڕانەوەو گێڕەرەوەکان:**

ئەم ڕۆمانە ڕۆمانێکی فرە دەنگە، شێوازی گێڕانەوە تیایدا شێوازێکی وەسفیە، بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی میرسی لۆبۆك بۆشێوازی وەسفی دیاری کردووە (1)، بەلاٚم وەسفی بەو مانایە نا کەهەر خەریکی نیشاندانی توێکڵی شتەکان بێت.. نەخێر، لەم ڕۆمانەدا وەسفێکمان نیە هاوڕیٚ نەبێت لەگەڵ شیکردنەوەدا. وەسف و ڕاڤەکردن و نیشاندانی کرۆکە قوڵەکان بەجۆرێك بەناویەکدا چوون کەهەستپێکردنی و جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان و ئاستەکانیان وردبینیەکی زۆری ئەوێت. لەچەند پێگەو ئاست و زەمین و زەمانێکی جیاجیاوە، علی شەرفیارو جەلادەتی کۆتر و مستەفای شەونم و نقیب سامیری بابلی... هەریەکەو لەلای خۆیەوە بەگۆشەنیگایەکی تایبەتەوە بەشێکی چیرۆکەکەمان بۆئەگێڕێتەوە لەو ڕوەوەی کەخۆی بینیویەتی، یان ڕۆڵێکی تیا هەبووە. بەلاٚم دەنگی جەلادەت و علی شەرەفیار دوودەنگی زاڵن لەڕۆمانەکەداو بەشی هەرە زۆری ڕۆمانەکە لەڕێگای حکایەت و مەنەلۆگ وگفتوگۆ و گێڕانەوەکانی ئەم دووکەسایەتیەوە ئەگێڕرێتەوە. هەمووجارێکیش دەنگەکان لەئێستاوە باسی ڕابردوویەکمان بۆئەکەن کە پێشتر ڕویداوە.....

**کات:**

بۆئەوەی لەئاستەکانی زەمەن لەم ڕۆمانەدا تێبگەین بەپێویستی ئەزانم دوو ئاستی جیاوازی زەمەن لەیەکتر جیا بکەینەوە.

1- زەمەنی گێڕانەوە.

2- زەمەنی گێڕراوە، یان زەمەنی کرۆنۆلۆجی ڕوداو .

**زەمەنی گێڕانەوە:**

لای علی شەرەفیارو جەلادەتی کۆترو نقیب سامیری بابلیش زەمەنی گێڕانەوە ئێستایە، ئێستایە و ڕابردوویەك ئەگێڕێتەوە ، پاڵەوانەکان لەئێستادان و باسی ئەو ڕوداوانە ئەکەن کەلە ڕابردوویەکی هەندێك جار دوور و هەندێك جاریش نزیك ڕویداوە، عەلی شەرەفیار ئەو کاتەی کەلە ئەوروپاوە دێتەوە بۆکوردستان، کەبەگوێرەی چیرۆکە سەرەکیەکەی دەقەکە، نیوەی دووەمی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردووە، ئەم پیاوە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانە ئەکاتە ئەرکی خۆی، ڕۆڵی ئەم کەسایەتیە لەڕۆڵی مێژوو نوسێکەوە نزیکترە تا حکایەتخوانێك، ئەو زیاتر ڕابردوویەك تۆمار ئەکات کە ڕابردووی خەڵکانی ترە. جەلادەتی کۆتر لەزەمەنێکدا کەهەمووشتەکان ڕویداوە، هەمووکارەساتەکان قەوماوە، بڕیار ئەدات بەهاوکاری علی شەرەفیار چیرۆکەکە لەفەرامۆشبوون بپارێزێت. نقیب سامیری بابلیش دوای ئەوەی دێتە کوردستان لەگەڵ جەلادەتدا باسی ئەو تراژیدیانە ئەکات کەلەسەردەستی ئەو کەوتۆتەوە، هەمووکارەکتەرەکانی تری وەك ، دالیا و مستەفای شەونمیش هەر لەسەر ئەم شێوازە چیرۆکەکانیان ئەگێڕنەوە، گێڕانەوەکانی ئەم کەسایەتیانەیش بەحکایەتکردنەوەی ڕابردوویەکە کەپێشتر ڕویداوە.

جەلادەت وەك گێڕەرەوەیەك کەخۆی ڕۆڵی کارەکتەرێکیش ئەگێڕێت هەندێك جار وەك گێڕەرەوەی نەناسراوی لێدێت . ئێمە مۆدێلێکی تری گێڕەرەوەمان هەیە لەڕۆماندا، کەئەو جۆرە گێڕەرەوەن خوێنەر نازانێت لەناو تێکستەکەدان وەکو کارەکتەرێك یاخود لەدەرەوەن وەك دەنگێکی نەناسراو . لەم ڕۆمانەدا جەلادەت زیاتر و فراوانتر لەپێگەی خۆی ئەگێڕێتەوە، لەوە ئاشکراترو ناسراو تریشە بەگێڕەرەوەی نەناسراو ناوی ببەین.

زەمەنی ڕوداو: بەشی هەرە زۆری ئەو ڕوداوانەی لەم ڕۆمانەدا هاتوون لەناوەڕاستی هەشتاکانەوە بۆنیوەی یەکەمی نەوتەکانە، لەچیرۆکەکەی دکتۆرمۆسای بابەکدا تاکۆتایی شەستەکان و کودەتای بەعسیەکان دورئەکەوێتەوە. لای مستەفای شەونم بۆناوەڕاستی حەفتاکان و زەمەنی شکستی شۆڕشی ئەیلول. بەڵام نیوەی دووەمی هەشتاکان چەقی چڕبونەوەی زەمەنی ڕوداوەکانە. ئەم زەمەنە سەردەمی کارەساتە گەورەکانە، زەمەنی هەژان و ڕوکانە سەختەکانی کۆمەڵگای کوردی و عیراقیە لەبەردەم ڕوداوە سیاسیەکاندا. هەر لەکۆتاییەکانی ئەم سەردەمەدایە بەعس ئەگاتە دواترۆپکی دڕندەیی خۆی، کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو کۆڕەو ڕوئەدەن، شەڕیکۆیت هەڵئەگیرسێت. لەوانەیە هیچ سەردەمێك نەبێت هێندەی ئەم ماوەیە لەیادەوەری ئێمەدا برینی دروست کردبێت.

ئەم ئاستەی زەمەن کەزەمەنی واقعیە ( بەواتای دەستپێکردنی زەمەن لەڕابردووەوە بۆئێستاو، لەئێستایشەوە بۆداهاتوو ) لای چیرۆکەکانی دالیا سیراجەدین و شاروخی شاروخ و ڕەوشەن سەقزیش هەر وا لەم ماوەیە دورناکەوێتەوە .

**کارەکتەر سازی:**

ئەم ڕۆمانەیش وەك هەر سێ ڕۆمانەکانی تری بەختیارهاتووە نمونەی لەبیرکراوترین و فەرامۆشکراو ترین و سەرکوتکراو ترین خەڵکی کۆمەڵگای کوردی هەڵبژاردووە، نمونەی منداڵە هەتیوەکان، ئەو کچانەی برای خاوەن شەرەف ئەیانکوژێت، کودەتاچیە دۆڕاوەکان، ژینگەی ئەوکاولیانەی لەبیابانەکانی عیراقدا لەشفرۆشیان ئەکرد، ئەوانەی ماشینی حوکمڕانی بەعس ئەیانهاڕێت و کەسیش پێیان نازانێت و نایانکاتە قارەمان.

خەسڵەتێکی تری کارەکتەرەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە هەموویان بەئاستێکی باشی هۆشیاریەوە تەعبیر لەخۆیان ئەکەن. لەڕۆمانی ڕیالیزمدا نەریت وەهابوو کە نابێت شوانێك هێندە هۆشیار بێت دەردی مەڕەکانی خۆی هەست پێبکات، حەماڵێك بتوانێت ڕستەیەك قسەی پاراوو ڕەوان بکات، بەڵکو هەر چین

وتویێژێکی کۆمەڵ قاڵبێکی هۆشیاری و قسەکردنی بۆدانرابوو ئەبوایە نوسەر تێی نەپەڕێنێت. ئەم نەریتە لەلایەن بەختیارەوە هەر لەیەکەم ڕۆمانیەوە شکێنراوە، لەم ڕۆمانەیشیدا هەروا هەستی پێئەکرێت. کەسایەتیەکانی بەجۆرێك قسە ئەکەن، کە لەقسەی هەتیوێکی بێباوك و سەرگەردانی وەك جەلادەت و پیاوێکی زکەڕۆی وەك مستەفای شەونم و لەشفرۆشێکی وەك دالیا سیراجەدین ناچێت. تەیب صاڵەحی ڕۆماننوسی بەناوبانگی عەرەب هەمان بۆچونی هەیە دەربارەی سنوری هۆشیاری کەسایەتی لەڕۆماندا، ئەو پێی وایە ئەوانەی ژیان فێری شارەزایی کردوون دەکرێت زۆر جوانترو قوڵتر تەعبیر لە ئازارو مەینەتیەکانی خۆیان بکەن، پێی وایە زیرەکی خۆڕسك لای مرۆڤە سادەکانیش دەرئەکەوێت وەك چۆن لای هونەرمەندان دەرئەکەوێت، هەربۆیە ئەم جۆرەکەسانە بە ( خبراء الحیاة ) ناو ئەبات.

هەڵبژاردنی ئەم کارەکتەرە پەراوێزکەوتوانە، بە تایبەتمەندی زمان درێژانەیانەوە وای کردووە بەشی زۆری چیرۆکەکانی ڕۆمانە کە لەو جۆرە چیرۆکانە بن کە لەئەدەبدا نەبێت هەرگیزچاوی هیچ مێژوو نوسێك، یان کۆمەڵناس و دەروونناسێك نایبینێت، چونکە ئەم خەڵکە نەگبەت و چەپێنراوانەی کە چیرۆکەکانی بەختیار دروست ئەکەن نەژیانیان و نەمردنیان بەلای کەسەوە جێگەی بایەخ نیە، ئەمانە لەدەرەوەی مێژووی نوسراوو بینراوی وڵاتەکەی ئێمەن، بەدرێژای سەدەی بیستەم ئەوەی لەکۆمەڵگای کوردیدا مێژوو ونی نەکردووە، یان سەرکردەو کەڵتە سیاسیەکان بووە، یان ئەو شێخ و دەرەبەگانەی توانیویانە ئاپۆرەی خەڵك لەدوای خۆیان خڕکەن. ئەم کەسایەتیە گومناوانەی کۆمەڵگا کەئەبنە پاڵەوانەکانی ناو ئەدەب و ژیانیان ئەکرێتە چیرۆك، ئەوا ڕاستەو خۆ بەشێکی تاریك و شاراوەی مێژووی خۆمانی تیا ئەدۆزینەوە ، مێژوویەك مێژوونوسان هەرگیز ڕێگەی نابەنە سەر. چونکە جیهان ( وەك ئەوەی میلان کۆندێرا ئەڵێت ) بەهۆی ئەو ڕوپۆشە چڕەی کە ڕاڤە کردنە پێشوەختەکان و نیشاندانە هەڵخەڵەتێنەرەکان دروستیان کردووە، جیهانێکی تەمومژاویەو بەڕونی نابینرێت، کوندێرا ئەرکی دادڕینی ئەم ڕوپۆشە سەختە کەحەقیقەتی کۆمەڵگای لێشاردوینەتەوە ئەسپێرێتە گێڕانەوە و ڕۆمان (2). گرنگی ئەدەبی بەختیار چەند لەداهێنانە هونەر کاریەکانیەوەیە هێندەیش لە ڕۆشنکردنەوەی ئەو ڕوبەرە تاریکو دەستبۆنەبراوانەیە کەڕۆمانەکانی ئەو ئەیخاتە پێشچاومان. یان ئەشێت بڵێین لەجێبەجێکردنی ئەو ڕۆڵەدایە کوندێرا بۆڕۆمان نوسانی پێشنیار ئەکات.




چارەنوسێکی ڕەش هەیە کەهەموو کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە هاوبەشن تیایدا، زۆربەیان لەو جۆرە کەسانەن ژیان فڕێی داونەتە دەرەوەی بازنەی بونەوە، هەریەکەیان بەجۆرێك لەجۆرەکان نێردراون بۆمردن و ڕێکەوتێك گەڕاندونیەتیەوە بۆژیان. دالیا سیراجەدین، سامیری بابلی، جەلادەتی کۆتر، دکتۆر موسای بابەك، مستەفای شەونم هەر یەکەیان بۆخۆی بەچیرۆکێك گەیشتۆتە لێواری مەرگ و دواتر دەستێکی فریادڕەس، یان ڕێکەوتێك نەیهێشتووە بمرن. ئەمانە لەناو تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەرکراون و لەو سیاقە کۆمەڵایەتیەیش لێیەوە هاتون سڕراونەتەوە، دیارە نوسەری ئەم ڕۆمانە

بەمەبەستەوە ویستویەتی تێکستەکەی بکاتە پانتاییەك بۆسەرلەنوێ بەخشینەوەی چانسی ژیان، نەیویستووە لەدوای ئیسحاقی لێو زێڕین و لەیەکەم هەڵمەتی مەرگدا کارەکتەرەکانی تەسلیم بکات. ئەم کارەکتەرانە لەو شوێنەدا لە چنگی مەرگ ڕزگاریان ئەبێت ڕاستەوخۆ بڕیار ئەدەن جارێکی تر دەست بە عەشق و خولیاکانیان بکەنەوە، کەواتە ترسی مەرگ نەیتوانی جەلادەت لەمۆسیقا و دالیا لە عیشق و نقیب سامیر لەهەڵگەڕانەوەی لەدیکتاتۆریەت پەشیمان بکاتەوە. بەڵام دەستپێکردنەوەکان هەموی لەگۆشەیەکی تەسکدا گیرئەخوات، هەر یەکەیان بەجۆرێك خۆئەدەنە دەست ئەو قەدەرەوە کەلەژیان و کۆی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان گۆشەگیری کردون.

**زمان:**

زمانی ڕۆمان زمانێکی عەینیە، ئەرکی سەرەکی ئەم زمانە دروست کردنی وێنەیە، دەوڵەمەند کردنی دیمەنەکانی ناوخەیاڵگەیە بەڕێگا جۆراوجۆرەکانی دەربڕین. تایبەتمەندیەکی تری ئەم زمانە پێویستی بارگاوی بونیەتی بەشیعریەتێکی ناسك، دیارە شیعریەت لە زمانی ڕۆماندا جیاوازە لە شیعریەت لەقەسیدەو تەواوی بوارەکانی تریشدا. شاری مۆسیقارەکان بەزمانێکی تێکەڵ لەزمانی ڕۆمان و زمانی فکرو فەلسەفە نوسراوە، مەرج نیە کەوتمان زمانی فەلسەفە ئیتر بەمانای زاراوە و چەمکی ئەبستراکت بێت، ئەوەی دەکرێت لەم دەقەدا پێی بوترێت زمانی فکرو فەلسەفە ئەو ڕستەو پەرەگرافانەیە کەتەعبیر لەمانایەکی فەلسەفی ئەکات، قولاییەکی فەلسەفیە و لەسیاقێکی چیرۆك بێژیدا ئەخرێتە بەردەستی خوێنەر، کەم جار ئەم قولاییە فەلسەفیە لەزمانی چیرۆکبێژیدا ڕۆڵی ستاتیکی ئەگێڕێت لەجوانتر کردنی تێکستدا، بەپێچەوانەوە هەندێك جار ئاڵۆزیەك دروست ئەکات دەقەکە سەقەت ئەکات، یان ئەو نوسەرانە شێوازی لەم جۆرە بەکار دێنن کەتوانای سەرسامکردنی چیرۆك بێژیان نیە. دیارە ئەم کێشەیە جیاوازە لەو تایبەتمەندییەی ئەدەبی بەختیار کەپێشتر ئاماژەمان بۆکرد و وتمان کارەکتەرەکانی بەئاستێکی باشی هۆشیاریەوە تەعبیر لەخۆیان ئەکەن، بەپێچەوانەوە ئەوەی لێرەدا مەبەستە زمانی تەعبیرکردنە نەك هۆشیاری کارەکتەر ، بۆئەوەی ڕونتر ئەم زمانە دیاری کەین، دوو نمونە لەو سەدان نمونانە دێنمەوە کەلەڕۆمانەکەدا بۆئەم مەبەستە خەتم داوەتە ژێریا " دالیا ڕون و ئاشکرا ڕای وابوو هونەر شتێکە دەبێت مرۆڤ لەگەڵ ڕۆحی خۆیدا هەڵیبگرێت، لەیادەوەریدا هەڵیبگرێت، بتوانێت بیپارێزێت، بەڵام تابلۆدیلی خۆیەتی، یەکجار کەلەناوچوو، ئیتر بۆهەتاهەتایە دروست ناکرێتەوە، لێرەوە شێوەکار پەیوەندیەکی بەئەبەدیەتەوە هەیە و نوقمی ساتە وەختە تێپەڕەکانە " ل/ 262 ( شاری مۆسیقارە سپییەکان ).

" من پێم وایە هەڵەی گەورەی مرۆڤ لەوەوە دەست پێئەکات کاتێك پەیوەندی خۆی بەجیهانەوە وەك تەنیا جۆری پەیوەندی تەماشا ئەکات، واتە گەر مرۆڤێك نەیتوانی لەگەڵ هەورەکاندا قسەبکات، لای وایە ئیدی هیچ مرۆڤێکی دی ناتوانێت لەگەڵ هەورەکاندا قسەبکات، گەرمرۆڤێك نەیتوانی شتی جاوید و نەمر بنوسێت لای وایە ئیدی هیچ مرۆڤێکی تر ناتوانێت شتی جاوید و هەتا هەتایی بنوسێت ... " ل / 355 ( شاری مۆسیقارە سپیەکان ). پێم وایە ئەم دوونمونە ئەوەمان نیشان ئەدات کەمەبەست لەزمانی فکرو فەلسەفە چیە. بەکار هێنانی زمانی فکر بۆتێکستی ئەدەبی تەنگژەی وشکی بۆدەقەکە دروست ئەکات، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ئەو شیعریەتە ناسکەی تەواوی کەشی دەقەکەی داپۆشیوە ئەم کێشەی ڕوپۆش کردووە. شیعریەتی دەقەکە هێندە زاڵە بەسەر ڕیتمی ڕستەو پەرەگرافەکانیدا تاڕادەیەکی زۆر خوێنەر بێتاقەت نابێت لەم زمانە ئەبستراکتە.

نهێنیەکی تری سەرکەوتنی زمانی ئەم ڕۆمانە و دەرچونی لەو تەنگژانەی قولاییە فەلسەفیەکەی بۆی دروست کردووە، توانای پەخشان بێژی بەختیارە، بەکار هێنانی وشەی گوزارشکەرە لەشوێن و سیاقی

پێویستی خۆیدا، توانای دروست کردنی ڕیتمی جوان و ناسکی دەربڕینە، ئەم توانا زمانەوانیەی نوسەر شیعریەتێکی وای دروستکردووە خوێنەر بەتەواوی کەمەندکێشی ناو حکایەتەکانی ئەبێت .

**پەیامی تێکست:**

بۆهەر نوسەرێك زۆر ئاسانە لەسەرەتای کارەکەیەوە، پەیام، یان ئەوەی هەندێك ڕەخنەگر پێی ئەڵێن جیهانبینی، یان ئایدۆلۆجیای خۆی لەڕێگای دەقەکەوە دەربڕێت و هەر لەوێشەوە تەواوی بۆچونی خۆی لەسەر ڕوداوەکان ئاشکرا کات، بەمەش هیچ خوێنەرێکی تەمەڵیش دانامێنێت تا لەبەرامبەر فلاّن پاڵەوان یان فلاّن ڕوداو بەخێرایی لایەنگیرو دژایەتیەکانی نوسەری بۆدەرکەوێت، بەلاّم ئەمە تایبەتمەندی تێکستە لاوازەکانە ، یان شێوازێکی نوسینی کرچ و کاڵەو فێڵێکە بۆئەوەی خوێنەری بەشتی لاوەکیەوە پێ سەرنجگیر بکرێت، لەجیاتی ئەوەی بەسیحری حکایەت چێژی پێ ببخشرێت. ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپییەکان، لەڕێگای کەسایەتیە پێك ناکۆکەکانیەوە، بەکاریگەری ڕوداوە دژ بەیەك و زەبلاحەکانیەوە ( مەبەست لەزەبلاح لێرەدا ئەو ڕوداوانەیە کەلەسەروی توانای کارەکتەرکانەوە یە، وەك شەڕی کوێت، ئامادەیی دڕندانەی بەعس ...هتد ) خوێنەر ئەخاتە بەردەم کۆمەڵێك ناکۆکی و هەڵوێستی پێك جیاواز کەهەندێك جار مرۆڤ توشی سەرلێ شێوان و تێکەڵی نێوان جەلاد و قوربانی ئەکات ( وەك نمونەی جەلادەتی کۆترو نقیب سامیری بابلی و ئەو قوربانیانەی دوای دادگاییەکەی کوشتیان ) ، ئەم دەقە حوکمی لایەنگرانەی ڕەوشتی و ویژدانی نوسەری تیانیە بۆکارەکتەرو ڕوداوەکانی، هەڵوێستی سیاسی و ئایدۆلۆجی تیانیە بەرامبەر ڕفتاری ئەم کارەکتەر، یان کاریگەری و ئەنجامی ئەو ڕوداوە. بەڵکو لێگەڕاوە ڕوداوەکان بەڕەوتی درامی خۆیاندا بڕۆن، هەرچەندە شێوازی ئەم ڕۆمانە تەواو جیاوازە لەو ڕۆمانانەی کەبە ڕۆمانی درامی ناو ئەبرێن، بەلاّم ئاراستەی درێژبونەوەو چنینی ڕوداوەکان تیایدا لەئاستێکی بالاّی درامی بوندایە. ڕوداوەکان تاڕادەیەکی زۆر بەگوێرەی جەبری سیاقە مێژوویی و کۆمەلاّیەتیەکان ئەچن بەڕێوە، نەك ئەوەی نوسەر لەپێناوی هەڵوێستێکی تایبەتی خۆیدا دروستی کردبن. بۆنمونە حکایەتی خستنە ناوبیری دالیا سیراجەدین کەلەهەندێك ڕووەوە لەحکایەتەکەی یوسفی پێغەمبەر ئەچێت، ئەو هەستەمان لادروست ناکات کە نوسەر هاوسۆزیەکی قوڵی بۆکێشەی ژنان لەم ولاّتەدا چیرۆکی ئەم کارەکتەرەی وەها پێ چنیبێت، نەخێر، مرۆڤ کەئەم چیرۆکە ئەخوێنێتەوە یەکسەر ئەو هەستەی لادروست ئەبێت کە ئەوە ترس لەعەیبەو، دەمارگیری کوردێك کەخوشکەکەی لەگەڵ کوڕە عەرەبێك دەستی تێکەڵ کردووە، شەرەف و نەریتێك کەنابێت هەرگیز مرۆڤی مێینەی ئێمە بیشکێنێت، وای کردووە ئەو برانە خوشکە کەی خۆیان بخەنە ناو بیرێکەوە. ئەوە کەشو ئەتمۆسفێری چیرۆکەکەیە ئەم چارەنوسەی بۆدالیا هەڵبژاردووە نەك ئەوەی نوسەر بڕیارێکی پێشوەختی هەبێت بۆئەوەی هەڵوێستی ئازادیخوازانەی خۆی نیشانی کێشەی ژنان بدات.

نمونەیەکی تر چارەنوسی نقیب سامیری بابلیە، چیرۆکی ئەم پیاوە چیرۆکی جەلادێکە کەکۆمەڵێك تاوانی پێکراوە، زیاتر لەوەی خۆی بەتەواوی قەناعەتەوە کردبێتی ئەم پیاوە پێشتر بەتاقیگەکانی لەمرۆڤ خستنی بەعسدا تێپەڕیوە، کەئەگاتە کوردستان ئەبێتە دڕندەیەك لەو جۆرەی کە چێژ لەئازاردانی مرۆڤ وەرئەگرێت، داداگاییەکەی لەلایەن جەلادەتەوە و هێشتنەوەی حوکمەکەی بۆقوربانیەکانی و دواتر گوللەباران کردنی زادەی ئەو پەیوەندییەیە کە عەدالەتی قوربانیەکان بەجەلادە گیرۆدە بوەکانەوە ئەبەستێتەوەو زادەی ئەو ئارەزوی تۆڵە سەندنەوەیە لای قوربانی بەرامبەر جەلاد دروست ئەبێت، نەك ئەوەی هەڵوێستی عەدالەت خوازانەی نوسەر بێت.

**سیاسەت وەك پرۆسەی بەدڕندە كردنی مرۆڤ:**

لەناو بەشێكی زۆری ڕووداوەكانی ئەم ڕۆمانەدا، لەسەر نەخشی چارەنوسی زۆرلەكەسایەتیەكانی سیاسەت بە ئاشكراو ڕونی دیارە، بەلاّم چ سیاسەتێك ؟ هەمان ئەو سیاسەتە دڕندانەی لەوەتەی میللەتانی ڕۆژهەلاّت چونەتە ناو پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆنەوە، هەمیشە مرۆڤی سوتاندووەو بەهامرۆییەكانی خستۆتە ژێر پێی ئایدۆلۆجیا شێواوەكان و پرۆسە سەقەتەكانی سەركردەكانی وەك، ئەتاتورك، سەدام حسین، ڕەزاشاو، خومەینی و... هەموو ئەو ڕەگەزە پیسانەی تر كە لەداوی هاتنی كۆلۆنیالیزمەوە تێكەڵ بەڕیشە مێژووییەكانی سەركوتكاری كولتورەكانی ڕۆژهەلاّت بووە. لەم ڕۆمانەدا سیاسەت بەشێوە ڕوكەشەكەی هەر خەریكی وێران كردنە، لەئاستی شۆڕبونەوەیشی بۆناو تاكەكان هەر خەریكی سەركوتكردنە. لەلایەكەوە بەعسمان نیشان ئەدات هەرخەریكی شەڕو وێرانكاری و خەیاڵە سەربازیەكانی خۆیەتی تالەشەڕی كۆیتا ئیتر ئەگاتە بنبەست. لەلایەكی تریشەوە پرۆسەی سیاسی تازەی كوردستانی دوای ڕاپەڕینمان نیشان ئەدات كەلێرەیش هەردیسانەوە سیاسیەت بەشێوە وێرانكاریەكەی لەكاردایە، كۆمەڵێك گروپ و حیزبن و هەركامیان دەرفەتی قۆستەوە پەلاماری زیندانەكەی ئەوی تریان ئەدات و جەلادەتی كۆتر ئەفرێنێت، بۆخاتری ئەو بڕە پارەی كە ئەشێت لە نرخی نەخشەكانی سامیری بابلیدا دەستیان كەوێت. لەهەردوو مۆدێلەكەدا سیاسەت هەر لەسەر مەرگ كارئەكات نەك ژیان، لەسەر شەڕو و كاولكاری كار ئەكات نەك ڕەوتێكی ئاسایی بەڕێوەبردنی كۆمەڵگا. پەیوەندی نێوان دەسەلاّت و مرۆڤ لەكۆی گشتی نمونەكانی ناو ئەم ڕۆمانەدا لەو جۆرە پەیوەندییەیە كەلەسەر كۆنترۆڵ و زەبر و زەنگی جەستەیی كارئەكات، نەك سیستەمی ڕێكخستنی مۆدێرن و پەیوەندی ئالوگۆڕكاری نێوان هاولاّتیان و دەسەلاّت، یان دەسەلاّت و فۆرمە جیاوازەكانی بەڕێوەبردنی بواری گشتی. لەهەردوو مۆدێلەكەدا تەنها لەیەكخالّدا سیاسیەكانمان ئامادەن لەگەڵ مرۆڤدا وەك مرۆڤ هەڵسوكەوت بكەن، ئەویش ئەوكاتەیە غەریزە سێكسیەكانیان داوای كچۆڵەی ناسكیان لێ ئەكات، هەوەسبازی و شەهوەت بۆجەستەی ئافرەتی جوان تەنها ساتی بیركردنەوەی سیاسیەكانی ناو ئەم ڕۆمانەیە لەمرۆڤ، ئەمە نەك هەر بۆئەفسەرەكانی بەعس لەشاری تەپوتۆزەكان ڕاستە، بەڵكو لەهەڵسوكەوتی كاربەدەستە حیزبیەكانی كوردستانیش لەگەڵ خاتو شاناز سەلیم هەر هەمان جۆر هەوەسبازی و چڵێسی سێكسی دەرئەكەوێت. بەدرێژای ئەو هەزاران ساڵەی مێژو لەم ناوچەیەدا تۆماركراوە سیاسەت بوارێكی قۆرغ كراوی پیاوانە بووە. هەستیارترین كالاّیش كەهەمیشە شوێنی تەماحی ئەو سیاسیانە بووە جەستەی ئافرەت بووە.

سامیری بابلی ئەڵێت " لەكۆلیژی سەربازی مرۆڤ ئەكەن بەسەگ، من لەوێ فێریان كردم چۆن مرۆڤ بەكاڵی بخۆم، فێری قەپاڵگرتنیان كردم لەسەری ئەژدیهاو كەللەی كەروێشك، فێریان كردم چۆن دەست بخەمە بینی گورگ، چۆن لەگەڵ پڵنگ و ورچدا زۆران بگرم ، جەلادەتی كۆتر تالەسەر ئەم ئەستێرەیە كۆلیژی وا هەبێت مرۆڤ ناحەسێتەوە، من لەوێ فێربوم چۆن قەمە بكەم بەدڵی مرۆڤدا، فێربوم دەست بخەمە زكی دوژمن و ڕیخۆڵەكانی ڕاكێشم و دەم بخەمە ناو خوێنەكەیەوە، ئێمە فەسیلێك بوین لەسەرنمونەی زیندوو مەشقمان دەكرد، لەهەموو كۆلیژەكانی دنیادا لەسەر ئەو نمونانە مەشق دەكەن كەپێی دەڵێن ئۆبجێكتی دەستكرد " ( ل/ 174 شاری مۆسیقارەكان ) ئەو كۆلیژەی نقیب سامیری كردۆتە ئەفسەر بێزیادە ڕۆی ئەتوانین ناوی بنێین كۆلیژی بەدڕندە كردنی مرۆڤ، ئێمە لەعێراقی هەشتاكانی سەدەی ڕابردوودا نمونەی ئەم جۆرە كۆلیجە ئەبینینەوە، مەحاڵە بەبێ بونی دەزگای لەم جۆرە بەعس بیتوانیایە ئەو هەموو دڕندەیە دروست بكات، ئەم ماشینە ترسناكانەی حكومەتی دامەزراوەی مۆدێرنە لەپشتی بەشی هەر زۆری كارەساتەكانی سەدەی بیستەمەوەیە. لەڕۆشنبیری كوردیدا بوە بەمۆدە هەموو جارێك ئەچن لەناو

قولاییە مێژووییەکانی کەلەپوری عەرەبی و ئیسلامیدا بۆرەگەکانی بەعس ئەگەرێن، لەکاتێکدا بەهێزترین وێستگەی بەرهەمهێنانی بەعس ئەو دەزگا مۆدێرنانەی دەوڵەتی عیراق بوو کەهەر لەکۆتای شەستەکانەوە بەعس توانی کۆنترۆڵی بکات، هەمیشە پرۆسە سیاسیەکانی مرۆڤ ئەکەنە گورگ، ئایدۆلۆجیا مژدە دەرەکانە کوشتنی مرۆڤە جیاوازەکان ئەکاتە هەنگاوێکی پێویست لەپێناوی سەرخستنی پرۆژەکەی خۆیدا، ئەم وەسفەی نەقیب سامیر تائاستێکی قوڵ ڕوخسارێکی گرنگی ئەو پرۆسەی بەدڕندەکردنەمان پیٚ نیشان ئەدا کەبەعس لەسەرتاکی عیراقی بەڕێوەی ئەبرد، نقیب سامیر خۆی کوڕی پیاوێکی دەست و دڵپاکە و هەمیشە کوڕەکانی تەمیٚ کردووە لەشەڕی باکوردا دەست لەکوشتنی کورد بپارێزن، کەچی لەناوسوپا دڕندەکەی بەعسدا ئەبێتە مرۆڤێك چێژلە ئەتك کردنی مرۆڤ ئەبینێت.




**سیمبولەکانی ژیان دۆستی لەنێو ئەم دەقەدا:**

**یەکەم: ئەفسانەی مۆسیقا:**

" جارێك فلوتم بۆهەندێك پێشمەرگە لێدا، یەکێکیان لێم نزیك بووەوەو گوتی " تۆوات کرد من ژیانم خۆشبوێت، ژیانی خۆم نا، ژیانی ئەوانی تر، ژیانی دوژمنەکانم " ( ل /39 شاری...) مۆسیقا لەم تێکستەدا دەلالەتە لەڕاهێنانی مرۆڤ لەسەر خۆشەویستی، لەسەر ئیرادەی کۆڵنەدان لەجوانترکردنی ژیان، بەپیتکردنی وزەی ژیان دۆستی. لەم سیاقەدا کەپێشمەرگەیەك والێئەکات ژیانی دوژمنەکانی خۆش بوێت مۆسیقا ئەرکی ڕێکخستنەوەی نارێکیەکانی ژیانی هەڵگرتووە، ئەرکی بەخشینەوەی هارمۆنیەت بەو پەیوەندییە شێواوانەی سیاسەت لەنێوان مرۆڤەکاندا دروستی ئەکات، لەوشوێنەشدا کەئیلهامی پەشیمانبونەوە لەگوناهەکان ئەبەخشێتە نقیب سامیر وەك فریادڕەسێکی لیٚ دێت، فریادڕەسێك هەمووگوناهبارێك پێویستیەتی ڕۆژێك لەڕۆژان دەربازی کات لەئازارە ویژدانیەکانی خۆی، ڕێی لێبکەوێت و ئامێزانی بێت وەك چۆن لای نقیب سامیر تائەو ساتەیش گوللەبارانی ئەکەن نایەوێت فلوتەکەی لێجیابکەنەوە.

لای پاڵەوانە بەریئو بێگوناهەکانی ڕۆمانەکەیش، کە ئیسحاقی لێو زێڕین و سەرهەنگ قاسم و جەلادەتی کۆترە، مۆسیقا وزەی لەبیرکردنی ئازارەکان و غەدری ستەمکارانە، ئیلهامی فەنابونە لەجوانیەك و چێژێکدا کە ئێشی ئەشکەنجەدان و قەساوەتی زاڵمانەی ئەو ستەمە لەبیرئەباتەوە کە لەسەر دەستی ئەفسەر و سەربازەکان توشی ئەبن ، " ئەوان لەئێمەیان ئەداو ئیسحاق بەهێمنی دەیگوت " بۆئەوەی ئەم ساتە بکەینە مۆسیقا دەبێت زۆر بیر لەجەستەمان نەکەینەوە " وای دەگوت و ئەوان شتێکیان دەکێشا بەدەمیدا، ئەو بەردەوام دەیگوت " کەلێتان دەدەن ئێوە لەخەیاڵی خۆتاندا مۆسیقا بژەنن، ئاگاتان لەنقوم بونی خۆتان بێت لە بەحرێکدا هەمووی ئاوازبێت، مۆسیقاوادەکات لەشمان بەرگەی دەردی زۆرتر بگرێت " ( شاری مۆسیقارەسپییەکان ل /61و62).ئەمە قسەی ئەو ساتەی ئیسحاقە کەگیرۆدەی ئەشکەنجەیەکی سەختی سەربازەکان بۆتەوە، ئەم مێرد منداڵانە ژیانیان لەم گەشتەدا کۆتای دێت، جگە لەجەلادەت کەبەرێکەوتێکی سەیر ڕزگاری ئەبێت، بەڵام تاکۆتای دەقەکە، تائەو ساتەیش لەشاری مۆسیقارەسپییەکان یەك ئەگرنەوە، ڕۆحی ئەم مۆسیقارە گەڕیدانە ی دوای جوانی هەر زاڵە بەسەر فەزای دەقەکەدا، شوێنەواری مۆسیقاکەیان لەزۆر شوێن و چرکەساتی ژیانی جەلادەتدا ئامادە ئەبێتەوە.

**دووەم شاری مۆسقارە سپیەکان:**

ئەم شارە شارێکی فەنتازیاکردە، ژینگەیەکی مارکیزیە و(3) وەك تاکە یۆتۆپیایەك بۆنەمری و سەرمەدیەت ئەبێتە دواجێگەی هەموو ئەو ڕۆحە جوانانەی کەلەژیاندا غەدر نەیهێشتووە جێگەیان ببێتەوە، لەگەڵێك شوێنی ئەم ڕۆمانەدا تابلۆی شاری مۆسیقارە سپیەکان بەشێوەیەکی ئەفسانەیی دەرئەکەوێتەوە، لای مستەفای شەونم، لای موسای بابەك، وەك ئەوەی بیەوێت هەمیشە مژدەی ژیانێکی جاوید و نەمر لای جەلادەت بهێڵێتەوە، بەردەوام بەو دەرکەوتنانەی شۆکی ڕاچەنینێکی نوێ و دۆزینەوەی نهێنیەکی نوێی لادروست ئەکات. ئەم شارە شوێنی ڕۆحیەتی ئەو مرۆڤانەیە کەغەدر ژیانی لێسەندونەتەوە، ئەوانەی وەك ئیسحاق و سەرهەنگ و جەلادەت دوای ئەوەی چیرۆکیان بەدەستی ستەمکارەکان تەواو ئەبێت، لەوشارەدا پشوی یەکجارەکی ئەدەن، بەڵام جەلادەت تیایا نیشتەجێنابێت و دێتەوە بۆئەوەی چیرۆکەکەی تەواو بکات. وەك ئەوەی هەست بەپێویستی جێبەجێکردنی ئەرکەکەی بکات، ئەگەڕێتەوە بۆئەوەی لەگەڵ علی شەرەفیاردا کۆتاییەکانی چیرۆکەکە تەواو بکەن. لەسەر زاری شاروخی شاروخەوە بەم جۆرە وەسفی ئەم شارە کراوە "ئەو شارەی شاری جوانیە مردووەکانە، ئەو جوانیە جاویدانەی چاوەڕوانی گەڕانەوە ئەکەن، من لەهەر شارێکی دنیابم هەر لەشاری مۆسیقارە سپیەکانم، چونکە هیچ شارێك نیە لەسەر ئەم ئەستێرەیە پڕنەبێت لەجوانی کوژراو " لەدروستکردنی ئەم شارەدا ئێمە چ پەیامێك ئەبینین، یان وردتر ئەتوانین چ دەلالەتێك بخوێنینەوە، تایبەتمەندیەکانی ئەم شارە تایبەتمەندی پەناگەیەکن لەساتێکدا کەهەرچی جوانی هەیە پێویستی بە پەنا بۆبردنیەتی لەژینگەی داڕوخاوی وەك کوردستان و عیراقی زەمەنی ڕۆمانەکەدا جوانیەمەزنەکان هەر بەخونچەیی تیرۆرئەکرێن، مۆسیقابەرزەکان وێران ئەکرێن، مرۆڤە بێگەردەکانیش، ئەوانەی وەکو ئیسحاقی لێوزێڕین و هاوڕێکانی عەودالّ و وێڵی دوای جوانی ئەبن لەسەرەتای ڕێگەدا جوانەمەرگ ئەکرێن، بۆئەم وێرانستانە، ئەم جوگرافیا توندو تیژە شارێکی وا پێویستە، شارێك بۆئەو بونەوەرانەی ناتوانن لێرە درێژە بەبونی خۆیان بدەن، بۆئەو جوانی و هونەرانەی هاوشێوەکانی نقیب سامیر ناتوانن ببینن.

تابلۆی شاری مۆسیقارە سپیەکان: ئەم تابلۆ لەچەند شوێنێکی دەقەکەدا وەکو کۆدێك دەر ئەکەوێت، کۆدێك کەلەهەمان کاتدا مستەفای شەونم و دکتۆرموسای بابەك و جەلادەتی کۆتریش پێکەوە ئەبەستێتەوە، دواجاریش هەر ئەم تابلۆیە جەلادەت لەسەر گەردانی ئۆتێلی ئاوارەکان دەرئەکات و بەمستەفای شەونمی ئەناسێنێت و ئەیگەیەنێتەوە موسای بابەك، ئەم تابلۆ بۆجەلادەت وەکو تروسکایی ئومێدوایە، لەو وێستگانەی ڕۆمانەکەدا توشی ئەبێت سەرەڕای ڕاچەنینی سەرسامانەی هەمیشە ئومێدی دۆزینەوەی ژینگەیەکی باشتر، دنیایەکی جوانتری لادروست ئەکات.

**شاری پرتەقاڵی سپی، یان شاری تەپوتۆزەکان:**

ئەم شارە بەشێکی گرنگی سەرزەمینی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکە پێك دێنێت، پەناگەیەکی باشی قۆناخێکی تەمەنی دالیاو دکتۆر موساو جەلادەت و نقیب سامیریش ئەبێت، گۆڕینی وەزیفەی دەلالی شارێکی پێکهاتوو لە شوێنی لەشفرۆشی، بۆپەناگەی ژیانی کۆمەڵێك قوربانی بێ چارە، خۆی بۆخۆی دەلیلی دەوڵەمەندی خەیاڵی بەختیارە ، کەم نوسەر هەیە بتوانێت ئاوها یاری بە ڕەونەقی واقعەکان و ماناو دەلالەتی مەعنەوی شوێنەکان بکات، ئەم پرۆسەیە گەلێك وردی ولێزانی لەچیرۆك نوس ئەخوازێت کەبڕوام وایە نوسەری ئەم تێکستە سەرکەوتوبووە لەدروستکردنیدا . هەرچەندە ئێمە نمونە واقعیەکانی ئەم شارە لەعیراقی هەشتاکاندا لە (کەنعانی ناوچەی دیالە و عەفەچی ناوچەی دیوانیەدا ) ئەبینینەوە ، بەڵام لێرە ئەم شارە بووە بەپەناگەیەك زیاتر لەوەی کەهەر شوێنێکی بێ بەهای لەشفرۆشی بێت، لەم تێکستەدا قەحبەخانەکان بۆتە شوێنی یارمەتیدانی مرۆڤ بۆمرۆڤ، عەشقی ئەفلاتونیانەی مرۆڤ بۆمرۆڤ، هەوڵی فریادڕەسی مرۆڤ بۆژیانی مرۆڤێکی تر.

زۆربەسادەی عیراقی ناو ڕۆمانەکە بەهیچ جۆرێك جێگای دالیاو جەلادەت و نقیب سامیرو دکتۆر موسای تیانابیتەوە، هەر بۆیە شاری تەپو تۆزەکان بۆتە شاری سەرلەنوێ دەست پێکردنەوەی ژیان بۆئەم کەسایەتییانە. مانایەکی تر بشێت لەپشت وێنەی ئەم شارەوە ببینین، ئەوەیە کەئەم دەقە ویستویەتی بە قەحبەخانەیەك شەڕی ستەمکاری دەسڵاتی عیراقی هەشتاکان بکات، شاری تەپو تۆزەکانی کردۆتە بەدیلی ئەو واقعەی بەعس بەرهەمی هێناوە، بەمەیش پێمان ئەڵێت ژیان لەناشیرین ترین بازنەیدا هێشتا هەر جوانترە لەو فەزای ستەمکاری تیایا ژیان لەمرۆڤ وەرئەگرێتەوە.

**ئیشکالیەتەکانی ئەم ڕۆمانە:**

دوای نوسینی ڕۆمانی دواهەمین هەناری دنیا بەختیار ئەوچاوەڕوانیەی لای خوێنەری کورد دروست کرد کە ئەدەبەکەی دەبێت هەمیشە شاکار بێت، ئەو داهێنانەی ئەو لەئەدەبی گێڕانەوەی کوردیدا کردویەتی وای کرد لەخوێنەر بەکەمتر لەبەرهەمی جوان لێی ڕازی نەبێت. دیارە کەم تێکستی سەرکەوتو هەیە بەجۆرێك لەجۆرەکان نوسەرەکەی لەڕوی تەکنیکیەوە نەکەوتبێتە غەفڵەتەوە، کەم دەقی جوان هەیە گرفتی خۆی نەبێت. بێگومان ئەم دەقەیش خاڵی نیە لە گرفت و کەم و کوڕی هونەری و لۆژیکی، لەدروستکردنی وێنەی ئەدەبیدا، لەئامانجی وەسفدا، لەڕەنگڕێژکردنی کارەکتەردا، لە درێژکردنەوەی ڕۆڵی کەسایەتیەکان لەڕۆمانەکەدا بەختیار کەوتۆتە چەند هەڵەیەکی زەقەوە، کەبۆهونەری ڕۆمان نوسین ئەم هەڵانە وەك هەڵەی ئەلف بایی وایە.

**لەگرفتە کانی ئەم تێکستە:**

**یەکەم:** کارەکتەری جەلادەت ناکۆکیەکی گەورەی هەڵگرتووە، لەلایەکەوە بەبێ هۆو بەئارەزوو لە شاری تەپوتۆزەکاندا کەوتۆتە درۆکردن، بەجۆرێك کەوا ئالودە بووە لەسەر درۆکردن. کەچی لەهەندێك شوێنیشدا ڕێك وەك پێغەمبەرێك دەرئەکەوێت، پێغەمبەرێك کەخەمی جێبەجێکردنی عەدالەت لەم سەرزەمینە گوناهبارەدا بۆتە خولیای سەرەکی. ناکرێت کارەکتەرێك تائەمڕادەیە ناکۆکی هەبێت لە ڕۆلی چیرۆکڤانییدا (اقصصە)، ناکرێت بەو جۆرە کارەکتەر گوێ ڕایەڵبکرێت لەڕۆماندا.

**دوووەم:** لەلاپەڕە 370 دا جەلادەت ئەڵێت " بۆمرۆڤ هەمیشە لەجێگایەکدا ئەمرێت پەیامی خۆی تەواو نەکردووە ؟ بۆئیسحاقی لێوزێڕین و سەرهەنگ قاسم مردن و فەرمانێکی نهێنیان هەبوو تەواویان نەکرد ؟ بۆموسای بابەك مردو سەردەمێکی لەگەڵ خۆیدا ناشت، ئێستا ئەو مۆزەخانە سەیرەی ئەو لەکوێیە " لێرەدا بەڕونی ئەوەمان پێئەڵێت کەموسای بابەك مردووە و جێی هێشتوین، لەزەمەنی ڕوداودا ئەمە لەوکاتەدا وتراوە جەلادەت و سامیری بابلی پێکەوە لەناو ئوتێلە سوتاوەکەدا ئەژین و هاوڕێیەتیشی لەگەڵ محمدی فیردەوسی و هاوڕێکانیدا دەستی پێکردووە. کەچی زۆرمان پێناچێت دەبینین مستەفای شەونم دێت بۆلای جەلادەت و ئەیبات بۆلای موسای بابەك لەژێرزەمینەکەی خۆیدا، کەجەلادەت ئەبیسێت موسای بابەك ماوە پێی سەیرەو ئەڵێت من بینیم هەموویان لەوشارەدا بوون بە خۆڵەمێش، بینیم زەوی قوتی داون، کەچی ئەم قەت ئەو هەستەی نەبووە دالیا سیراجەدین مردبێت، کەجەلادەت دالیاو دکتۆرموسای بەیەکەوە لەو شارەدا جێهێشت بۆهەست ئەکات موسای بابەك مردووە بەڵام دالیا هەر بەزیندوو ئەزانێت، لەکاتێکدا گەر ئەو شارە هەرچی بەسەرهاتبێت ئەوا پێکەوە یەك چارەنوسیان هەبووە... بۆبەرامبەر ئەمیان هەست بەمردن بکرێت و ئەوی تریشیان زیندویەتی ؟ ئەمەیان ناکۆکیەکی لۆجیکیەو باوەڕناکەم نوسەر بتوانێت وەڵامێکی ڕازیکەرمان بداتەوە.

**سێیەم:** لەڕۆمانەکەدا بەوردی و درێژی وەسفی ئۆقیانوسی هاوار، ژێرزەمینەکەی موسای بابەك کراوە و ئاشکرایە چ شوێنێکی چەپەکی کرو کپی پەنهانە، لەسەر زاری مستەفای شەونم واوەسفی شوێنەکە ئەکرێت "مستەفای شەونم بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی "دکتۆرموسای بابەك چاوەڕوانی تۆدەکات، ئێستا لەجێگایەکی

دوری دونیـادا، لەشـوێنێکدا لەسـەری ئـەو سـەری ئـەم ژێرزەمینـە، لـەخاڵێکی تـری ئـەم تونێلـە ناکۆتاییـەدا چاوەڕوانی تۆدەکات، " ( ل / 470 شاری مۆسیقاره سپییەکان )، هەروەها لـەزمانی جەلادەتـەوه لـه لاپـەڕه 467 و 468 دا باسی ئەوەمان بۆ ئـەکرێ بەماشێنێك و دوای سـێ چارەك لێخوڕین ئەگەنـه جێگایـەکی چۆڵ کـه لـه پاشمـاوەی کارخانەیـەکی کـۆن ئەچـێت،وەك جـەلادەت ئـەڵێت " شـوێنێك بـوو خـاڵی، مـن ئاسـەواری هـیچ ڕۆحلەبەرێکم نەئەبینی " ( ل468 ) ئێستا بەڕونی ئەو وێنەیە ئەبینین کە نوسەر بۆئۆقیانوسی هاوار کـه دکتـۆر موسـای بابـەك و عـەیادەی پزیشکیەکەیشی لێیـه دروستی کـردووه. پـاش کـەمێك خوێندنـەوه ئەگەینـه لاپـەڕه 485 و جەلادەت ئەڵێت " ئەو چەند ڕۆژەی لای موسای بابەك بردمە سەر خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بوون، ئـەو چەند ڕۆژە بوو بەرۆژ لەژورێکی عیادەکەدا دادەنیشتم لەبەردەم پەنجەرەیـەکی بچوکەوە تەماشای شـەقامێکی جـەنجاڵم دەکرد، تەماشـای ئـەو خانمـە سفورانەم دەکرد کەبـەیانیان بەعیشوەو نـازێکی تایبەتیـەوه دەچوون بۆکارو ئێواران بەماندوویی دەگەڕانەوه، سەیری ئەو پاکەتفرۆشە بچکۆلەیەم دەکرد..." ئەم شوێنەی جـەلادەت ئـەم سـەیرانەی تیـا کـردووه پێویـست وایـه لەیـەکێك لەئاپارتمانـەکانی سـەر شـەقامی سـەهۆڵەکە بێـت، یـان ناوجەرگـەی بـازاڕێکی قـەرەباڵـخی میللـی بێـت، بـەهیچ شێوەیەك ئـەم وەسـفەی جـەلادەت بۆبینینی خـۆی لـەو وێنەدا ئەیکات ناگونجێت لەگەڵ ئـەو وەسـفەی پێشتر بۆئۆقیانوسـی هـاوار، یـان ژێرزەمینەکەی موسـای بابـەك ئەیکات. ئایا دەکرێت له تونێلێکدا کەله چۆڵەوانیەکی سێ چارەکە سەعات بەئۆتۆمبیل دوری شاردا بـەو جـۆره پاکـەتفرۆش و ئـافرەتی سـفورەو شـەقامی جـەنجاڵ... هـەبێت، گومـانم زۆره کەسـێك هەبێـت لـەم جیهانـه بەرفراوانەدا بتوانێت وەڵامێکی مەنتقی ئەم ناکۆکیە بداتەوه.

**چوارەم:** درێژدادڕی، یـان درێژکردنـەوەی تێکست: ئـەم گرفتـە لەزۆرشـوێنی ئـەم ڕۆمانـەدا دیـاره، گـەر بێتـو درێژبونەوە پەیوەندییە ناوەکیەکانی تێکستێك خۆی بسەپێنێت، یان گرێی درامی ڕوداوو حکایەتـەکانی نـاوی بیخواستایە، ئاراستەی ڕوداووەکانی زەمینەسازیان بۆبکردایە، ئەوا شتێکی بێمانایە بە دەقێك بڵێین بۆ درێـژەو بۆ بۆپـەنجا لاپـەڕه کـەمتری نەنوسیوه، بـەلام لـەم تێکستەدا مـرۆڤ هەسـت بـە درێژکردنەوەیـەك ئـەکات بـەس لەپێناوی درێژکردنەوەدا، بەتایبەتی لەوەسفدا بـەختیار لـەم ڕۆمانەیدا گـەلێك موسـرفه ، بۆنمونـه: ئـەو بەشـەی کەتایبەته بەباسی مستەفای شەونم و لەلاپەڕه 403 بۆ411 ی کتابەکەیە، تەواو زیادەیـە و هـیچ پێویـست نیـه، چونکه ئێمە لەلاپەڕەکانی دواتردا بەوردی و لەسەر زاری گێڕەرەوەو جەلادەت و مستەفا خۆیشی هـەموو وردە کاریەکانی ژیانی و تەواوی چیرۆکەکانی ئەزانین، ئیتر چ پێویستێکمان بـەم 7 لاپـەڕەیـە هەیـه. هەربۆیـە دەبینین بەلابردنی ئەو بەشەیش هیچ لەبینای درامی دەقەکە تێکناچێت ، لەکاتێکدا ڕۆمانی سـەرکەوتوو ئـەو ڕۆمانەیـه کەپەرەگرافێکت لێ لابرد پێوە دیارە و کەلێنێك لەبینای درامی تێکستەکەدا دروست ئەکات.

**پێنجەم:** لەو گەشتەدا کەجەلادەت بەئۆقیانوسی هاواردا دەیکات و ئەڕوات بۆلای دکتۆرموسای بابـەك، پـێش ئەوەی بگاتە بەردەرگای عیادەکەی دکتۆرموسا، مستەفای شـەونم لـەوەڵامی هـەر پرسـیارێکی جەلادەتدا پێـی ئەڵێت " بەکوردی قسە مەکە باش نیـه " ( ل / 480 ) نەلـەو سیاقە چیرۆکبێژیەی تێکستەکەی تیایـەو نەلـەو مەدلولانەیش کەڕستەکە ئەیبەخشێت ، هـاتنی ئـەم ڕستەیە لـەم شـوێنەدا بـێ مانایـە. بۆچـی بـەزمانی کـوردی قـسەنەکات، لەکاتێکـدا ئـەو ژێرزەمینـە خـۆی شـوێنی هـەموو جوانیـە قەدەغـەو کوژراوەکانـە، شـوێنی ئـەو تابلۆیانەیە لەژیاندا جێگـەیان نەبۆتـەوه، زمانی کوردی گـەر لـەواقعی چیرۆکەکەیشدا قەدەغەبکرایە ئەوا وەکو تابلۆ قەدەغەکراوەکان ئەبوایە لەو ژێر زەمینەدا ئەویش ئازاد بوایە. من وای ئەبینم ئەم جۆرە کێشانە، ( ئـەوەی کـه ڕسـتەیەك هەیـەو هـیچ وەزیفەیـەکی مانـایی نیـە لەتێکستدا ) هـەمووی ئەگەڕێـتەوە بۆزیـادەڕۆی کـردن لەگێڕانـەوەو وەسـفدا، ئـەگینا گونجـاو نیـە خـەیاڵێك کـەبتوانێت کارەکتـەری وەك نقیـب سـامیرو حکایـەتی وەك حکایەتەکانی دالیا دابهێنێت بکەوێتە غەفڵەتی وەهاوە.

لەلاپەڕە 127 ی ڕۆمانەکەدا ئەم پەرەگرافە بەم جۆرە هاتووە " بەلاّم واز بهێنە هیچ چیرۆکێکی تر وەك چیرۆکی کچی پور ناچێتە عەقلّی خەلّکەوە، تۆلەوە گەمژە تری تێبگەیت، لەم ولاّتەی ئێمەدا کچان بەردەوام دۆستەکانی خۆیان بە ناوی کوڕی پورەوە پێشکەش بە خەلّکی غەریبە دەکەن، ئەوە لەهەر حکایەتێکی تر باشتر ئەچێت بەعەقلّەوە، لێت دەپرسن ئەو کوڕە کێیە ؟، دەلّێیت کچی پورمەو تەواو، سالّەهای سالّە ئەم درۆیە وەك گولّ دەڕوات و کەس کێشەی نەبووە لەگەلّیدا " گرفتە مەنتقیەکانی ئەم پەرەگرافە لەوە ئاشکراترە هیچی لەسەر بوترێت. کە لێت بپرسن ئەو کوڕە کێیە چۆن دەکرێت بلّێیت کچی پورمە ؟

ئەم تێکستە هەلّگری گەلێك جوانیە کەچاوەڕوانی خوێندنەوەی کەشف ئەکات، هەمیشە خوێندنەوەکانە دەوری فرە ڕەهەند کردن و دەولّەمەند کردنی ماناو دەلالەتەکانی ئەگێڕن، خوێندنەوە جیاوازەکانە لەتۆتالیتاریەتی تاك مانای و تاك ئاماژەیی تێکست ئەمان پارێزێت. ئەم ڕۆمانە گەلێك حکایەتی شاراوەو ڕوبەری پێشتر نەبینراومان نیشان ئەدات. بەرهەمی خەیالّێکی چیرۆکبێژی دەولّەمەندیشە ، کەدلّنیام بەم بەرهەمەی یەکێك لەکارە هەرەجوانەکانی ئەدەبی پەخشانی کوردی نوسیوە.

**سەرچاوە:**

–گۆڤاری عالم الغد ژمارە 6: شێوازگەرایی ڕۆمان: د. محمد الفهری

–هەمان سەرچاوەی پێشوو: ڕەشید مروان: ئایا ڕۆمانی سەدەی 21 سەرکەوتوو ئەبێت لەداڕشتنی هونەرێکی تازەدا.

مەبەست دروستکردنی ژینگەی جادوگەرانەی ڕیالیزمیە، کەبۆیەکەم جار لەئەدەبی ئەمریکای باشورەوە سەری هەلّدا، نوسەرانی وەك مارکیز، خوان ڕۆلفۆ، بۆرخیس بەداهێنەرە بەناوبانگەکانی ئەم شێوازە دائەنرێت : دەربارەی ئەم شێوازە: بڕوانە کتێبی ( لەڕیالیزمی جادو گەریدا ) دانانی : د . حامد ئەبو ئەحمەد : دەزگای سندیباد بۆ بلاّوکردنەوە: قاهیرە 2002.